# سینەماو فیلمی سیاسی

سەلاح مەزن
هەولێر
selahmezin@yahoo.com

## دەسپێك

کە دەڵێین سینەما ,مەبەست هەموو ئەو پێکهاتەیە,کەگشت قۆناغەکانی پرۆسێسی بەرهەمهێنانی فیلم,فرۆشتن و د1بەشکردن تا پیشاندانی لە هۆڵەکان دەگرێتە,کەدەڵێن سینەما یەکسەر باڵەخانەی سینەما دێتە پێش چاومان, وەك بڵێی ئەگەر باڵەخانەی سینەما لە ئارا نەبێ, کە سالەی پیشوازی, کارگێری و هۆڵی پیشاندان دەگرێتەوە, کەواتە سینەماش بوونی نییە, تا رادەیەکی زۆر ئەوبۆچونە راستییەکی تێدا هەیە, چونکە تقوسی چالاکییەکانی نێوئەوباڵەخانەو هۆڵی تاریك و پیشاندانی فیلم بەئامێری 35ملم بایەخی هونەری, چێژو سایکۆلۆژی خۆی هەیە, بەلأم ماناکەی سینەما وەك هونەرو تەکنیك, پیشەسازی و بازرگانی ئەمجار وەك هۆکارێکی میدیا و سەرچاوەیەکی کولتوری سەردەم ماناکەی سینەما فراوان و فرە لایەنتر دەکات.

, لە سادەترین پێناسەش بۆ هونەری حەوتەم, ئەوەیە کە سینەما ژمارەیەك هونەری دیکە لە باوش دەگرێ و بە شێوەیەکی داهێنەرانەو لە بەرگێکی نوێ دەیانخاتە روو,یان بەمانایەکی دیکە گشت ئەو ئەو کارو چالاکییە هونەری و وردەکاری و کارتێکەرە تەکنیکییانە دەگرێتەوە, کە کە بەرێژەی جیاجیا لە پرۆسێسی فلیمسازی هاوشاندەبن, بۆ دروستکردنی هونەرێك کە پێی دەڵێن سینەما.

ئەمجار جولە و کارتێکەرە هونەری و تەکنیکییەکان و وێنە یەکبەدوایی یەکەکان لەسەر پێکهاتەیەکی کیمیکی خاوی سلیلۆزی دەردەکەون , دیارە تیشك لەو نێوانە بایەخی زۆری دەبێت, تیشکە کە لە تۆمارکردنی جولەو دیمەنەکانی هەر وێنەو گرتەیەکدا, بایەخی رەنگەگەرم و ساردەکان بۆ دیاریکردنی بوعدی جوانکاری و سایکۆلۆژیەتی دیوی دەرەوەو ناوەوەی کەس و شتەکان دەردەخات, هەر ئەوتیشکە لە هۆڵی تاریکا ئەو جولەو وردەکاریانە رەوشەنتر لەسەر سکرین بەرجەستەدەکات,هەمووئەوپرۆسێسەو هیتریش زۆر بەوردەکاری و هەستیاری لەسەر مادەیەك ئەنجامدەدرێت پێیدەڵێن فیلم, بەبێ بونی ئەو فیلمە سینەما هیچ مانایەکی نابێت, کەواتە سینەما و فیلمسازی وێکرا دوو پرۆسێسی ئاڵۆزو پەیوەنددارن بە چەند پرۆسێسی دیکەوە,هەروەك زانیمانە سینەما هەر بە تەنها هونەرەکان ناگەیەنێ, بەڵکو لەهەمان کاتدا سینەما وەك ماناو پێکهاتە گشتگیرییەکەی ,

هەروا پیشەسازی و بازرگانیشە, جگە لەوەی کە پەیوەندی هەمەلایەنەی لەگەڵ سەرجەم هونەر,ئەدەبیات, کولتورو دابونەریتی گشتی کۆمەڵگە هەیە, مەبەستمە بڵێم سینەما مانا گشتگیرییەکی هونەری حەوتەم دەگەیەنێت کە سەرجەم پرۆسێسەکە دەگرێتەوە, فیلمیش چیرۆك و سیناریۆ( ناوەرۆك), جولە,مۆسیقاو ئاخاوتن یا با بڵێین ئیقاعی گشتی فیلم لەگەڵ وردەکارییە تەکنیکییەکان بەرجەستەدەکات.

بۆیەئەگەر بمانەوێ , باس لە سینەمای سیاسی بکەین بە روانینی من و چەندانی دیکەش لەوانەی لەمەرسینەماوە,باس و لێکۆڵینەوەیان هەیە, باشترە بگوترێت فیلمی سیاسی نەك سینەمای سیاسی, بەوپێیە دەکرێ بڵێین فیلمی کۆمەڵایەتی, کۆمیدی, کاوبۆی, پۆلیسی و جەنگ, سێکسی,دیرۆکی و فیلمی ئەوین, شیعرو.. تاد..یان فیلمی ئەکشن و فیلمی رۆمانی ئەدەبی.

## فیلمی سیاسی

فیلمی سیاسی شێواز یان رێبازێکی دیارە لە رەوتی سینەمای جیهانی , کە لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەری روسی بەتۆخی دەرکەوتوەو دواتر لەسەر دەستی کەڵەدەرهێنەرە چەپ و لیبراڵەکانی گێتی و لە وڵاتانی دیکە رێچکەی جیاجیای وەرگرتوەو کەلە هەر وڵات یان دورگەیەك مۆرك و رواڵەتی تایبەت و بگرەتەوژم, رێبازو قوتابخانەی سیاسی,فیکری و هونەری لێبۆتەوە,کە بە پێی قۆناغەکان کاریگەری لەسەر رەوشی گشتی کۆمەڵگەو روداوەکان هەبووە, بە تایبەتیش لە رووی سیاسییەوە, بۆیە وەك سینەمای سیاسی ناسراوە,ئەوەتانێ سینەمای سەردەمی شۆرش لە روسیا چۆن دەرهێنەرانی وەك سێرجی ئەزنشتاین فیلمەکانی( ئەودەرۆژەی جیهان هاتە هەزان 1928,زریپۆشی‌بۆتمەکین 1925,مانگرتن1924, هەروا فیلمی جەنگ و ئاشتی کە لە رۆمانە بەناوو دەنگەکەی تۆلستۆی سیناریۆی بۆ دانراوە, هەروا فیلمەتۆماری و دیکۆمینتەرییەکانی دزیگا فیرتۆف کەلە شێوەی( بڵاوکراوەی سینەما) دەردەکەوتن, ئەمجار فیلمی کۆمیدی و رەخنە ئامێزی مێدفکین , لەو فیلمانە راشکاوانە پروپاگەندە بۆ بیری سۆسیالیستی دەکرێ و بەرگریکردن لە بەرزەوەندییەکانی چینی کرێکاران و بەرەنگاربونەوەی پیلانی هێزە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ناوەرۆکی فیلمەکانی ئەوسەردەمە بوینە, دواتر لە سینەمای سۆفیەتی ئەو رەوتە زیاتر قوڵبۆوە, تەنانەت لە جەنگی جیهانی یەکەم و توندبونی ململانێی نێوان وڵاتانی سۆسیالستی ئەوسا و وڵاتانی سەرمایەداری کە بە ( رۆژهەڵات و رۆژاوا) دەناسرا, ئەورێبازە سیاسییە زیاتر فۆرمۆلە بوو, وەك رێبازێکی خاوەن رواڵەتی هونەری و تەکنیکی پێشکەوتو دەرکەوت,تەنانەت لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپای رۆژهەڵات تەشەنەی کرد و لەوڵاتانی وەك پۆلونیا , چیکۆسلۆواکیا و هەنگاریا دەرهێنەری بە توانا و

ليبراليتر دەركەوتن , كە فيلمەكانيان لە پێشبركێ‌و فيستيڤالە نێونەتەوەييەكان خەلاتی بەرچاويان بە دەستدەهێنا, بەلاّم لە سەرێكی ديكەوە ,بەشێك لە لێكۆلەرەوەكان دەركەوتنی فيلمی ( زێد )ی دەرهێنەر (كۆستاكافراسی )ی يۆنانی نيشتەجێی فەرەنسا لە سالّی 1969, بە سەرەتای راستەقينەو كاملبونی فيلمی سياسی دەناسێنن.

ئەورێبازو قوتابخانەيەی فيلمی سۆڤێتی‌و ئەوروپای رۆژهەلاّت لە هەندێ ولاّتی جيهانی سێيەمی ئاسيا, ئەفەريقيا و ئەمەركای لاتين لاسايی كرايەوەو لە هەندێ ولاّتانی ئەمەريكای لاتين‌و بزوتنەوە شۆرشگێرييەكان سينەمايەك سەريهەلّدا , كە فيلم وەك هۆكارێك بۆ تەياردانی خەلّك‌وچەكێكی تێكۆشان بەكارهێنرا, دەرهێنەرانی شۆرشگێری جيهانی سێيەم لە سەر ئاستی جيهان ناوبانگيان وەرگرت .

ناوەرۆكی ئەوفيلمانە بە گشتی داكۆكی لەخەلّكی زەحمەتكێش‌و دژايەتی سەرمايەداری,و بەرگری لە ئاشتی و دۆستايەتی نێوان گەلان بەئامانج وەرگرتبوو,هەروا ئەوسينەمايە بەشداری هەبوە, لە ريسواكردنی داگيركاری,دزينی سامانی گەلان‌و رژێمە سەربازييە كودیتاچييەكانی ئەو سەردەمە, ديارترين خەسلەتی ئەو سينەمايە, تێكشكانی شێوازی پالّەوانێتی و سوپەرمانی تاكی ئەفسانەيی كە سينەمای خەسلّەتی زۆربەی بەرهەمی شێوە هۆليووديیە ,بە بەرزراگرتنی توانای تاكە سادەكان‌و پالّەوانێتی جەماعی يەوە.

بەلاّم لە دوای نەمانی شەری سارد و هەلّوەشانەوەی بلۆكی سۆسياليستی‌و پێشهات‌و وەچەرخانی سياسی گرنگ لەسەر ئاستی جيهان هاتە پێشەوە, بە تايبەتيش لە كۆتاييەكانی سەدەی رابردودا, فيلمی سياسی و ئايدۆلۆژی لە ئەوروپای رۆژهەلاّت‌و ولاّتانی پەرەستێن‌و تازەپێگەيشتودا, لەرووی ناوەرۆك, فۆرمی هونەری‌و تەكنيكی نوێكاری بە خۆيەوەبينی‌و بە شێوازێكی ديكە دەربرينی لە كێشەی تاك‌و كۆمەلّگە بكات,هەروا قەيرانەكانی مرۆڤايەتی و سەردەم بەشێوازێكی ديكە بگەيەنێت, كە جياوازە لە راستەوخۆيی‌و پرۆپاگەندەی سياسی‌و ئايدۆلۆژی, بەلّكو ئازادی‌و كراوەيی لە خستنەرو وچارەسەركردنی گرفتەكاندا, لەفيلمی زۆربەی دەرهێنەرە داهێنەرەكانی ولاّتانی ئەمەريكای‌لاتين, ئاسياوئەفەريقيا بەديدەكرێت.

ديارە لەبەرانبەر رێبازە سياسی‌و ئايدۆلۆژييەكانی فيلم‌و سينەمای ولاّتانی روزهەلاّتی ئەوروپاوجيهانی سێيەم , بەحوكمی ئەوەی زۆربەی بزوتنەوە شۆرشگێری‌و ولاّتەتازە سەربەخۆ و دژە ئيمپرياليستەكانی سەدەی رابردوو دۆستی يەكێتی سۆڤيەت‌و ولاّتانی رۆژهەلاّتی ئەوروپا بون ,بۆيە سينەمای ئەو ولاّتانەكەوتبونە زێر كاريگەری‌و لاسايی رێبازەكانی سينەمايی‌و كولتوری سۆسيالستی.

لـەم لاشـەوە سـینەمای ئەمـەریکاو رۆژاواش, بەتایبـەتیش شـێوە بەرهـەمی هۆلیـودی لەسینەمای هەندێ لەو ولاٌتانەرەنگدانەوەی هەبوەو لاسایی کرایتـەوە, لەوانـەش سینەمای هیندی, میسری, ئیرانی بەر لەئینقلابی 1979. بەرازیل.. تاد..

بەلاٌم جیاواز لەوانەی باسکران, ئەو فیلمە سیاسیو شۆرشگێرییانەن کە لە ئـەوروپای رۆژاواو ئەمەریکا بە شێوازو مۆرکێکی پێشکەوتوتر , لـە دوای جەنگی دووەمـی جیهـانی سەریانهەلٌداوە, جگە لەوەی کەم تا زۆر کاریگەری رێزەیی سینەمای رۆژهـەلاٌتی ئـەوروپای لەسـەر هەیـە, هـەروك پێچەوانەکەشـی راسـتە,چـونکە رێبـازو قوتابخانـەکانی سـینەمای رۆژاواش لەسـەر بەرهـەمو شێوازی کارکردنی ژمارەیـەك دەرهێنـەری رۆژهـەلاٌتی ئـەوروپاو دەرهێنـەری چـەپو پێشـکەوتنخوازی جیهـانی سـێیەم رەنگـی هـەبووە, لەوانـەش ئـەو دەرهێنەرانە بوون کە لە دەرهێنەری مەنفا دەژیان!!

دیارترین ئەو تەوژمو رێبازە سینەماییانەی کە لە رۆزاواو ئەمەریکا سـەریانهەلٌداوە , کـە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی تاكو کێشەکانی کۆمەلٌگەو قەیرانەکانیسـەردەم , پشت بـە میتۆدی لیبرالی ببەستن, هەروا بایەخ بە فەلسەفەو شیکردنەوەی دەرونـی و بەدواداچـونی سۆسـیۆلۆزی بـدەن, ئـەمجار لـە کـەوتنو تیکشـکان یـان سـەرکەوتنی تاکـە سـادەکانو پالٌـەوانی چیرۆکی فیلمـەکان واقعبینانـە هەلٌسـوکەوت بکـەن, ئـاور لـە چـەمکەکانی فیکـر, سیاسـەت, ئـایین, ئـەخلاقو سـتراکتۆری گشـتی کۆمەلٌگـە بدەنـەوە, دیـارترین ئـەورێبازو قوتابخانانەی سینەما ئەوانەن:

• رێبازی نیوریالستی لە سینەمای ئیتالیا

کـە دوایشـەری یەکـەمی گێتـیو تێکشـکانی فاشیزم لەئەلـەمانیاو ئیتالیـا , نـەباداش رۆخانی دیکتاتۆریەتی مۆسۆلینی لەئیتالیا ,ئەو رەوتـە سـینەماییە لەبەرهـەمهێنانی فیلمـی سیاسـی لەوسـەردەمەو لەسەردەسـتی ژمارەیـەك دەرهێنـەری کۆمۆنیسـتو چـەپ وەك چەمكو ناوەرۆك پر ماناتر فۆرمۆلە بوو.ئەورێبازە ,هەولٌێکی نوێترو پر کاریگەرتر بوو, بۆ زیاتر سەلماندنی ناسنامەی فیلمـی سیاسـیو بەرپەچدانەوەوی شێوەبەرهەمی بازرگـانی, ئەکشنو وروژێنەرانەی هۆلیوودی

دەرهێنـەرانی سـەر بـەورێبازە, لـە رێگـای تازەکـاریو کـاری داهێنـەرانەیانـدا,بەدیـدو تێروانینـی زانسـتیو دیالەکتیکیانـە روداو وقەیرانـەکانی مـرۆڤو سـەردەمەکەیان تەماشـا دەکرد,ئەمجار لە نێو واقیعی زیندوو هەستپێکراوەوە, بە پێـی دینامیکیـەتی پێشوەچونی روداوەکانوئاسـتی ئـەقلو هۆشـیاری هـەروا توانـاو دەسترۆیشـتویی تاکـەکان بەسـەر هەنوکەو ئاییندەیاندا, ئەمجار لە رێگای دایەلۆگی فیکریو سیاسی کراوە, دەرفـەتیان بۆ بینـەر دەخولقانـد, کـە بچـێتەنێو کێشـەو چارەسـەرییەکان یـان بـە بنبەسـت گەیشـتنی ئاکامەکان , ئەو میتۆدە لـە شانۆگەرییەکانی برتولد بریخت باوە, کە بە دیواری چوارەم

دەناسرێت, دواتر لە پەنجاکانی سەدەی پێشودا, ئەومیتۆدە لە لایەن دەرهێنەرانی تەوژمی تازەی سینەمای فەڕەنسی وەك (جان لۆك گۆدار) هاوچەرخەکانی رونتر دەرکەوت.

لە سینەمای نیو ریالیستی ئیتالی دا,کەسانی سادە کاراکتەری سەرەکی فیلمەکان بون وەك لە فیلمی (ب ایسکل دز), ی دەرهێنەر دیسیکا دەبینرێت, هەروا بۆ یەکەمجار کامیرا لە ستۆدیۆکان ئازاددەکرێ‌و بۆ ناخی گەرەکەمیللی و جێگا گشتییەکانی رۆما و ئاواییەکانی‌ئیتالیا دەبردرێ‌و دیمەنی وێرانەیی‌و داماوی خەڵك‌و گرفتەکانیان تۆمار دەکات,هەروەك لە فیلمی ( رۆما کاتژمێر 11 )ی دەرهێنەر دی سانتس دەبینرێت.

- تەوژمی تازەلەسینەمای فەرەنسی 1955
- سینەمای نوێی ئەلەمانیا 1963
- سینەمای ئەندەرگراوند( ژ ێرزەمینی) ئەمەریکی
- سینەمای ئازاد لە بەریتانیا 1956
- سینەمای شۆرشگێری لە ئەمەریکای لاتین

ئەوانەو چەند رێبازو قوتابخانەی دیکەی فیلم یان سینەمای سیاسی‌و شۆرشگێری, هەروا شێوازو میتۆدی کارکردنی کەڵە دەرهێنەرانی سینەما و بزاڤی فیلمسازی جیهان, لەداهاتودا,رۆشناییان دەخەینە سەرو باسیان لێوە دەکەین .

*****